**Kurdistan Democratic Party**

**Renewal . Justice . Coexistence**

## پوختەیەك دەربارەی پارتی دیموكراتی كوردستان

### پێناسە و مێژوو و ڕێكخستنی حزب:

**ناو: پارتی دیموكراتی كوردستان. (پ. د. ك)**

پارتی دیموكراتی كوردستان پارتێكی دیموكراتی نیشتیمانیی جەماوەرییە، بڕوای بە مافەكانی مرۆڤ، دادپەروەریی كۆمەڵایەتی، گەشەپێدانی بەردەوام، فرەیی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی و كولتووری، پێكەوەژیانی ئاشتیانە، ئازادییەكان و یەكسانی، مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ نەتەوەی كورد و گەلی كوردستان هەیە، بە شێوازە دیموكراسی و مەدەنییەكان لەسەر بنەمای بیروباوەڕو و ڕێبازی بارزانی نەمر تێدەكۆشێت و سوود لە ئەزموونی گەلانی دیكەش وەردەگرێت.

لە 16 ئابی ساڵی 1946 بە سەرۆكایەتیی باوكی ڕۆحیی كورد (مەلا مستەفا بارزانیی نەمر) دامەزراوە. سەرەتا ناوی (پارتی دیموكراتی كورد) بووە و لە كۆنگرەی سێیەمدا كە لە 26/1/1953، لە شاری كەركووك بەسترا بڕیار درا ناوی حزب بكرێتە (پارتی دیموكراتی كوردستان).

### بنەما هزرییەكانی كاری پارتایەتی:

پارتی لەسەر ئەم بنەما هزرییانەی خوارەوە خەباتی نەتەوەیی و نیشتیمانی و دیموكراسیی خۆی بەڕێوە دەبات.

**یەكەم:** وەكو حزبێكی دیموكراتی جەماوەریی پێشكەوتنخواز، نوێنەرایەتیی نەتەوەی كورد و گەلی هەرێمی كوردستان لە عێراق دەكات، پشتبەستن بە ڕێبازی بارزانیی نەمر، بڕوابوون بە مافی چارەنووس، لە پێناوی مافە ڕەواكانیان تێدەكۆشێت.

**دووەم:** پارتی باوەڕی بە دەستاودەستكردنی ئاشتیانەی دەسەڵات هەیە و گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەكانە. بە گوێرەی بنەما دیموكراسییەكان كە خۆیان لە كێبڕكێی ئاشتیانەی سیاسی و هەڵبژاردنی ئازاد و دەوریی دەبینێتەوە، دەسەڵاتەكان ئاڵوگۆڕ دەكرێن.

**سێیەم:** لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا وەكو پارتێكی دیموكراتیخواز كار بۆ چەسپاندنی سیستەمی دیموكراسی فیدڕاڵی دەكات. لەسەر بنەماكانی هاوبەشێتیی ڕاستەقینە و هاوسەنگی و بەشداریی كارا بۆ بەدیهێنانی مافە ڕواكانی گەلی كورد و كوردستان لە چوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدڕاڵدا.

**چوارەم:** پارتی باوەڕی بە فرەپێكهاتەیی لە هەرێمی كوردستان هەیە و دان بە مافی پێكهاتەكاندا دەنێت، خەبات دەكات بۆ هێنانەكایەی كۆمەڵگایەک، لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون و یەكسانی و ڕێزگرتنی مافی هەمووان، بێ ڕەچاوكردنی ڕەگەز و ئایین و مەزهەب و جیاوازییە كولتوورییەكان.

**پێنجەم:** پارتی باوەڕیی بە ڕەوایەتیی دۆزی گەلی كورد و گەلانی دیكەی ناوچەكە هەیە و تێدەكۆشێت بۆ ئەوەی لە ژێر ڕۆشنایی بنەماكانی یاسای نێودەوڵەتی و پڕەنسیپەكانی مافی مرۆڤ و بنەما چەسپاوەكانی مافی گەلان لە چارتەری نەتەوە یەكگرتووەكان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەكانی دیكە، هەمووان پێكەوە لە ئاشتی و ئارامی لە ناوچەكەدا بژین و زەمینەی ژیانێكی شایستە و ڕێزلێگیراو بۆ هەموو لایەک فەراهەم بكرێت.

### كۆنگرەكانی حزب لە سەرەتای دامەزراندنییەوە:

1. کۆنگرەی یەکەم: 16/8/1946 ، بە نهێنی لە شاری بەغداد، لە ماڵی (سەعید فەهیم) بەسترا، بە ئامادەبوونی نزیکەی (70) نوێنەر.

2. کۆنگرەی دووەم: لە مانگی ئاداری ساڵی (1951) لە شاری بەغداد، ماڵی (عەلی حەمدی) بەسترا، بە ئامادەبوونی نزیکەی (30) نوێنەری لق و ناوچەکانی پارتی.

3. کۆنگرەی سێیەم: 26/1/1953 ، لە شاری کەرکووك ،بە ئامادەبوونی نزیکەی (35-40) نوێنەر بەسترا.

4. کۆنگرەی چوارەم: ، 1959-10-4-7 لە شاری بەغداد، ماڵی (کاکە زیاد) بە سەرپەرشتی مەلا مستەفا بارزانی بەسترا.

5. کۆنگرەی پێنجەم: مانگی ئایاری ساڵی (1960) ، لە بارەگای ئەوکاتی حزب لە شاری بەغداد، بەسترا.

6. کۆنگرەی شەشەم: لە سەرەتای مانگی تەموزی ساڵی (1964) لە شارۆچکەی قەڵیدزێ بەسترا.

7. کۆنگرەی حەوتەم: 15/11/1966 ، لە گەڵاڵە بەسترا.

8. کۆنگرەی هەشتەم: 1/7/1970، لە ناوپردان بە ئامادەبونی (488) نوێنەر بەسترا.

9. کۆنگرەی نۆیەم: 4/10/1979، لە زێوەی دەڤەری (مەرگەوەڕ) بەسترا، تیایدا بە تێکرای دەنگ (مسعود مستەفا بارزانی) بەسەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا.

10. کۆنگرەی دەیەم:1989-12-2-12، لە (مەرگەوەڕ) بە بەشداری (332) نوێنەر بەسترا.

11. کۆنگرەی یانزەیەم: 1993، لە هەولێری پایتەخت، بە بەشداری (2167) نوێنەر بەسترا.

12. کۆنگرەی دووانزەیەم: 1999-10- 6-14، لە هەولێری پایتەخت، بە بەشداری (1473) نوێنەر بەسترا.

13. کۆنگرەی سیانزەیەم: 2010/11/12-18، لە هەولێری پایتەخت، بە بەشداری زیاتر لە (1500) نوێنەر بەسترا.

14. کۆنگرەی چواردەیەم: 2022 /11 /3-6، لە دهۆك بەسترا.

**ئامانجەکانی پارتی**

**بەشی یەکەم: ئامانجە نەتەوەییەکان**

**ماددەی (4):**

یەکەم: هێنانەدیی مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان بە شێوازی تێکۆشانی ئاشتیان و دیموکراسییانە.

دووەم: پشتیوانیکردن لە دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە پێناوی هێنانەدی مافە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانیان بە ڕێگای خەباتی ئاشتیانە و دیموکراسییانە.

**ماددەی (5):** پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستانە و بەهێزکردنی هەماهەنگی و گیانی هاوکاریکردنی یەکتر لە گەڵ سەرجەم ڕێکخراو و پارتە سیاسییە دیموکرات و ئاشتیخوازەکان.

**ماددەی (6):** ناساندنی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە گەلی کوردستان کراون بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و داواکردنی گەرەنتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ دووبارە نەبوونەوەیان.

**ماددەی (7):**

**یەکەم:** هێنانەدی یەکێتیی خاک و گەلی کوردستان بەپێی ڕاستییە مێژوویی و جوگرافییەکان و گێڕانەوەی هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەپێی ڕێکارە

دەستورییەکان.

**دووەم:** پەرەپێدانی فرەیی و سیاسی و پتەوکردنی کولتووری دیالۆگ و لێبووردەیی لە ناو ماڵی کوردستانیدا.

**ماددەی (8):**

**یەکەم:** داکۆکیکردن لە مافی هەموو ئەو کوردانەی کە لە ناوچەکانی تری عێراق نیشتەجێن وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە گەلی کوردستان.

**دووەم:** داکۆکیکردن لە مافەکانی کوردستانیانی دیاسپۆرا و پتەوکردنی پیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کولتوورییەکان لە گەڵیاندا.

**ماددەی (9):** پاراستن و پەرەپێدانی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتیمانی لەناو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەماندا.

**بەشی دووەم: ئامانجە نیشتیمانییەکان**

**ماددەی (10):** پارێزگاری لە مانەوە و یەکپارچەیی و بەهێزکردنی قەوارە و دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (11):** دانانی دەستوورێکی دیموکراتی بۆ هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (12):** پاراستنی هەموو ئەو دەستکەوتە نەتەوەیی و سیاسی و ئابووری و کولتووریانەی کە لە ئەنجامی خەبات و قوربانیدانی گەلی کوردستان و پێشمەرگە و هێزە سیاسییەکان و خوێنی شەهیدانەوە بەرهەم هاتوون.

**ماددەی (13):**

**یەکەم:** چەسپاندن و پتەوکردنی یەکڕیزی نیشتیمانی و ئاشتیی ناوخۆیی و پێکەوەژیان و گیانی لێبووردەیی لە نێوان هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق.

**دووەم:** مسۆگەرکردنی مافە نەتەوەیی و کولتووری و کارگێرییەکانی تورکمان و کلدان سریان ئاشوری و ئەرمەن لە هەرێمی کوردستان و عێراق.

**ماددەی (14):** گەشەپێدانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی هاوچەرخ، کە سەروەریی یاسا و دادپەروەریی و هاودەرفەتی و ڕێزگرتنی ئازادییە کەسی و گشتییەکان تێیدا فەراهەم بێت.

**ماددەی (15):** چەسپاندنی سیستەمی دیموکراتیی پەرلەمانیی فیدراڵی لە عێراقدا بە شێوەیەک هاووڵاتیبوونی تەواو بۆ عێراقیەکان مسۆگەر بکات و ببێتە هۆی مسۆگەرکردنی بەشداریی هەموو پێکهاتەکانی عێراق لە دامەزراوە دەستوورییەکاندا لەسەر بنەماکانی هاوبەشی و سازان و هاوسەنگی.

**ماددەی (16):** چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی فیدراڵ بەپێی دەستووری هەمیشەیی و جێبەجێکردنی تەواوی برگە و ماددەکانی وەکو خۆی.

**ماددەی (17):** هێنانەدی بەرژەوەندیی سیاسی و نیشتیمانیی هاوبەش لە ڕێگای پەیوەندی ئەرێنی و هاوسەنگ لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق.

**ماددەی (18):** زیاتر بەنیشتیمانیکردنی سیاسەتی دەرەوە و دامەزراوەی سەربازی عێراق بە شێوەیەک کە نەکرێتە ئامرازی ململانێی سیاسیی ناوخۆیی لە نێوان حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمەکان و لە دژی گەلانی عێراق بەکار نەهێندرێت، هەروەها ببێتە بەرجەستەکەری بەرژەوەندی گشتیی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان بەپێی دەستوور.

**ماددەی (19):** پابەندکردنی کۆماری عێراقی فیدراڵ کە بەرپرسیارێتیی (گێرانەوە، قەرەبووکردنەوە و ڕازیکردن) بگرێتە ئەستۆ لە بەرامبەر ئەو زیانانەی بە گەلی کوردستان کەوتوون بە هۆی تاوانەکانی جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ و ئەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ کە لە لایەن حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق ئەنجام دراون.

**بەشی سێیەم: ئامانجە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان**

**ماددەی (20):** کارکردن بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ، کە بەرامبەر بە گەلی کوردستان ئەنجام دراون.

**ماددەی (21):** کارکردن لەسەر پابەندکردنی دەوڵەتی عێراق بە ڕێزگرتن و پابەندبوون و پیادەکردنی تێکڕای بەڵگەنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەت ئەوانەی پەیوەنددارن بە مافەکانی مرۆڤ و مافی پێکهاتەکان و مافی بڕیاردانی چارەنووس.

**ماددەی (22):** پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستانە لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنەمای پرەنسیپیی بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێزلەیەکترگرتن و دراوسێیەتیی باش و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی یەکتر و چارەسەرکردنی ئاریشە و گرفتەکان بە شێوازی ئاشتیانە و بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی.

**ماددەی (23):** وەرگرتنی سیفەتی چاودێر بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و دامەزراوەکانی.

**ماددەی (24):** پەرەدان بە پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە گەڵ وڵات و هەرێم و گەل و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و تێکۆشان بۆ ئەوەی هەرێم و دامەزراوەکانی ببنە ئەندامی ڕێکخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتییە ناحکوومییەکان.

**ماددەی (25):** دروستکردنی پەیوەندیی دۆستانە و هاریکاریی لە گەڵ ئەو گەل و پارت و کەسایەتی و ڕێکخراوە ناحکوومییانەی پشتگیری و بڕوایان بە مافەکانی گەلی کوردستان هەیە.

**ماددەی (26):** پاراستن و بەهێزکردنی پێگەی نێودەوڵەتیی قەوارەی سیاسی و دەستووریی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای بەدەستهێنانی، پشتیوانیی نێودەوڵەتیی زیاتر و مانەوە لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە پێناوی هێنانەدی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا.

**سەرکردایەتی و هەیکەلی ئێستای پارتی:**

- سەرۆکی حزب: مەسعود مستەفا بارزانی
- جێگری سەرۆك: نێچیرڤان ئیدریس بارزانی
- جێگری سەرۆك: مەسرور مەسعود بارزانی

**ژیاننامەی سەرۆك مەسعود بارزانی**

سەرۆک مەسعود مستەفا بارزانی، لە بنەماڵەی بارزانە کە بنەماڵەیەکی ئاینی و نیشتیمانی باشووری کوردستانە و ئەم بنەماڵەیە تێکۆشەرە زیاتر لە سەدەیەکە لە مەیدانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا تێدەکۆشێت.

تەکیەی بارزان کە سەر بە تەریقەتی نەقشەبەندییە، ناوەندێکی هزریی نیشتیمانی و روحی و کۆمەڵایەتی بووە.

خەباتی بارزان بە رابەرایەتی شێخ عەبدوسەلامی بارزانیی یەکەم و شێخ محەمەد بارزانی و شێخ عەبدوسەلام بارزانی دووەم و تا شێخ ئەحمەدی بارزانی کاریگەریەکی گەورەی لە سەر بزاڤی رزگاریخوازی سەرانسەری کوردستان هەبووە.

بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی نەمر شۆرشی بارزان پێی نایە قۆناغێکی فراوانتر و پێشکەتووتر و حیزب و دامودەزگای سەربازیی و رێکخراوەیی بە شیوەی کاریگەرتر خرانە خزمەت بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی.

- سەرۆک بارزانی لەدایکبووی ڕێکەوتی 16/8/1946، لە شاری مەهابادی پایەتەختی کۆماری دیموکراتیی کوردستانە، ئەوەش هەمان ڕۆژە کە یەکەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کورد لە شاری بەغدا بەستراوە و تێیدا ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی نەمر وەك سەرۆکی پارتەکە هەڵدەبژێرێت.
- پاش نسکۆی کۆماری دیموکراتیی کوردستان، لە ساڵی 1947 لەگەڵ ماڵباتەکەی و گشت باشوورییەکانی نێو کۆمار، دەگەڕێنرێنەوە باشووری کوردستان. لەولایشەوە، بارزانیی نەمر، لەگەڵ زیاتر لە 500 هەڤاڵیدا،

ڕوو لە یەکێتی سۆڤێت دەکات و لەوێ دەگیرسێتەوە و تا ڕووخانی ڕژێمی شانشینی و دامەزراندنی کۆماری عێراق لە ساڵی 1958، ئینجا دەرفەتی گەڕانەوەی بۆ دەڕەخسێت. لە هەمان کاتدا شێخ ئەحمەدی بارزانیش لە بەندیخانە ئازاد دەکرێ.
- بە دەستپێکی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر باشووری کوردستان لە ڕێکەوتی 11/9/1961دا، بە ناچاری خوێندن بەجێ دەهێڵێ و لە ڕێکەوتی 20ی ئایاری 1962دا پەیوەندی بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەوە دەکات .
- ساڵی 1967 یەکێك لە دامەزرێنەران و سەرپەرشتیاری "دەزگای پاراستن" بووە لە شۆڕشی ئەیلولدا.
- ساڵی 1970 ئەندامی شاندی دانوستانکاری شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی عێراق بووە.
- ساڵی 1970 لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و دواتر بە ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسی دەستنیشان کراوە.
- دوو مانگ دوای نسکۆ، بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆك مستەفا بارزانیدا و بە هاوڕێیەتی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی جوانەمەرگ لەگەڵ کۆمەڵێك سەرکردە، فەرماندە و کادیری پێشکەوتوودا، بناغەی "سەرکردایەتی کاتی"ی پارتی دیموکراتی کوردستان دادەڕێژێتەوە.
- لە نێوان ساڵانی 1976 - 1979دا، لە ئەمەریکا لە خزمەت سەرۆك مستەفا بارزانیی باوك و ڕابەردا بوو کە بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە.
- لە سەرەتای ساڵی 1979 بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و ڕێکخستنەوەی کاروباری حزب، هەروەها بۆ ئەنجامدانی دیدارێک لەگەڵ نووسینگەی ئیمام خومەینی لە پاریس بەمەبەستی هەماهەنگی و کاری هاوبەش دژی ڕژێمی شای ئێران، سەردانی ڤییەننا دەکات. لەوکاتەدا لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا، لەلایەن دەستەیەك بکوژی دەزگای هەواڵگریی عێراقەوە هەوڵی تیرۆرکردنی درا و دوو لە یاوەرەکانی بریندار بوون.
- دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕژێمی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی لە ساڵی 1979دا، سەرۆک بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ شاری تاران و لەوێ هەواڵی کۆچی دوایی باوکی پێ دەگات، لەگەڵ ئیدریس بارزانی ئامادەسازی بۆ هێنانەوەی تەرمەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن و لە شارۆچکەی شنۆ ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ئەنجام درا.
- ڕێزدار مەسعود بارزانی لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی 1979دا، لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە بە سەرۆکی پارتی دێتە هەڵبژاردن و دەبێتە دووەمین سەرۆك لە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستاندا.
- ساڵی 1983، لە پرۆسەی ئەنفالی بارزانییەکاندا، 37 کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لەگەڵ 8000 کەسی ناوچە و عەشیرەتەکەی، لەلایەن ڕژێمی سەدام حسێنەوە لە بیابانەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا لەناو دەبرێن و لە گۆڕی بەکۆمەڵدا شوێنبزر دەکرێن.
- لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوە و بەردەوامیدان بە خەبات و تێکۆشانی ناوخۆ، سەرۆک بارزانی چەندەها جار لەگەڵ پێشمەرگە سەردانی ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان کردووە.
- ساڵی 1986 یەکەمین بەرهەمی خۆی لە بواری خەباتی بارزانی و مێژووی پارتیدا، لە ژێر ناونیشانی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە سێ بەرگدا و بە زمانی عەرەبی لە چاپ دەدات، کە تاکو ئێستا چەندین جار پێداچوونەوەی بۆ کردووە و بۆ سەر زمانەکانی کوردی بە هەردوو دیالێکتی کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاست، تورکی و فارسی و ئینگلیزی وەرگێردراوە.
- لە 31/1/1987 بەڕێز ئیدریس بارزانی برای سەرۆک بارزانی کە هەڤاڵ و هاوشانی بەردەوامی سەرۆک لەو خەباتە سەختەدا بوو لە ناوچەی سلیڤانەی سەر بە شاری ورمێی ڕۆژهەلاتی کوردستان کۆچی دوایی دەکات.
- ساڵی 1988 فەرماندەیی گشتی "داستانی خواکورك"ی کردووە.
- لە ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٧ڕۆڵی هەریەکە لە مسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی برای، لە سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی گوڵان و دامەزراندنی چەندین بەرەی سیاسی لەنێوان لایەنە بەرهەڵستکارەکانی عێراق زۆر بەرچاو بوو، کە دیارترینیان پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بوو.
- بەرەی کوردستانی لە ڕۆژی ٢ی ئایار ساڵی ١٩٨٨ ڕاگەیەندرا لە (٨) حزبی باشووریی کوردستان پێکهاتبوو: پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حسک، پاسۆک، پارتی گەل، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستان-عێراق، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری. مەبەست لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کار و خەباتی پێکەوەیی بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس لە عێراق کە لەو سەردەمەدا کردەوە دژ بە مرۆڤایەتییەکانی بەرامبەر بە گەلی کوردستان و شۆڕشەکەی گەیاندبووە ئەوپەڕی دڕندەیی.
- شەهید ئیدریس بارزانی بە ئەندازیاری دروستکردنی بەرەی کوردستانی دادەندرێت و سەرۆک مەسعود بارزانی ڕۆڵێکی گرینگ و یەکلاکەرەوەی بینی لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ئەو بەرەیەدا، بەتایبەتییش لەکاتی سەرپەرشتیکردنی ڕاپەڕینی بەهاری 1991ـی گەلی کوردستاندا.
- ساڵی 1989 لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە بۆ جاری دووەم بە تێکڕای دەنگ بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردراوەتەوە.
- لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991دا، ڕابەری مەیدانیی بەرەی کوردستانی بووە و پلانی دەرپەڕاندنی هێزەکانی عێراقی لە باشووری کوردستان داناوە.
- لە 7ـی 4ـی 1991 لە دەربەندی کۆڕێ سەرپەرشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە کە تێیدا پێشمەرگە داستانێکی مەزن و مێژوویی تۆمار کرد و هێرشی هێزەکانی بەعسی لە کۆڕێ تێکشکاند، داستانی

کۆڕێ وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە خەباتی بەرخودان و ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان.
- لە مانگی ئایاری ساڵی 1991دا، لە دوای کۆڕەو، سەرۆکایەتی شاندی بەرەی کوردستانی بۆ شاری بەغدا کردووە و بە مەبەستی دانوستان بۆ بەدەستهێنانی مافی کورد، لەگەڵ سەرانی ڕژێمی عێراقدا گفتوگۆی کردووە، بەڵام لە دوای چەندین خول دانوستانەکان بێ ئەنجام بووە.
- لە نەورۆزی ساڵی 1991 لە شارۆچکەی کۆیەوە، داوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی کردووە.
- لە یەکەمین هەڵبژاردنی کوردستاندا لە ساڵی 1992، خۆی بۆ ڕێبەرایەتی هەڵدەبژێرێ و دەنگی یەکەمی بەدەست هێناوە، بەڵام کێشە ناوخۆییەکان و ڕەچاوکردنی دۆخی ناوخۆ ئاستەنگ بوون لە یەکلاکردنەوەی ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە.
- لە ڕێکەوتی 19/6/1991دا، لە لایەن ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤەوە خەڵاتی ئاشتیی بە گەلی کوردی پێ بەخشراوە. دواتر لە لایەن بەڕێزیانەوە خەڵاتەکە پێشکەش بە خاتوو دانیال میتێران کرا.
- ساڵی 1992 ئەندامی سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتیمانیی عێراقی INC بووە.
- لە شوباتی 1992 لە لەندەن لەلایەن جۆن مەیجەر سەرۆك وەزیرانی بریتانیا پێشوازی لێ کراوە.
- لە ساڵی 1993دا، لە کۆنگرەی یازدەیەمی پارتی، کە بە بەشداری (2167) نوێنەر لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردراوەتەوە.
- پاش هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە باشووری کوردستاندا، هەموو هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ تا ڕێگە لەو شەڕەماڵوێرانکەرە بگرێت. لە ڕێکەوتی 17/9/1998 بە ئامادەبوونی بەڕێز خاتو مادلین ئۆلبرایت، وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەگەڵ بەڕێز جەلال تاڵەبانی ڕێکەوتننامەی ئاشتیی واشنتۆنیان ئیمزا کرد.
- لە ڕێکەوتی 15/10/1998 لە بارەگای پارتی سۆسیالیستی فەڕەنسا لەلایەن بەڕێز فڕانسوا ئۆلاند، سکرتێری گشتی پارتی سۆسیالیستی فەڕەنسا پێشوازیی لێ کرا.
- لە ڕێکەوتی 20/10/1998یش لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان و وەزیری دەرەوەی بەلجیکاوە پێشوازیی لێ کرا.
- لە ڕێکەوتی 6-14/10/1999 لە کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کە بە بەشداری (1473) نوێنەر لە هەولێر بەڕێوەچوو، لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە بۆ جاری چوارەم بە تێکڕای دەنگ بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە.
لەم قۆناغە بە دواوە ئەرك و دیپلۆماسییەتی سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەنگاوی گەورە دەنێت و بەرپرسیارێتی و دیدار و چاوپێکەوتنەکانی سەرۆك مەسعود بارزانی لە ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا گەشەکردنێکی بەرچاو بەخۆوە دەبینێت، کە ئەمە بەشێك لەو چالاکی و ئەرك و دیدارانەیە:
- 8 جار لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا کۆبۆتەوە. 4جار لەگەڵ جۆرج بوش کە دووجار لە کۆشکی سپی بووە 25/10/2005 و 14/12/2008، هەروەها 27/11/2003 لە بەغدا و 3/9/2007 لە بنکەی سەربازیی عین الاسد لە سنووری ئوردن. هەروەها 4جار لەگەڵ باراک ئۆباما کۆبۆتەوە کە 3جار لە کۆشکی سپی بووە 26/01/2010 و 04/04/2012 و 5/5/2015، هەروەها 07/04/2009 لە بەغدا.
- پێنج جار دیداری لەگەڵ سەرۆککۆماری فەڕەنسا هەبووە کە دووجاریان لە هەولێر بووە. لە مانگی ئاداری 1992 لە پاریس چاوی بە فرانسوا میتران سەرۆککۆماری فەڕەنسا کەوتووە. لە 12/9/2014 لە شاری هەولێر پێشوازیی لە بەڕێز فڕانسوا هۆلاند، سەرۆککۆماری فەڕەنسا کردووە. لە 2/1/2017 لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، بۆ جاری دووەم پێشوازیی لە بەڕێز فڕانسوا هۆلاند سەرۆککۆماری فەڕەنسا کردووە. لە 21/2/2016 لە کۆشکی ئەلیزێ، لەلایەن بەڕێز فڕانسوا هۆلاند سەرۆککۆماری فەڕەنساوە پێشوازیی لێ کراوە. لە 10/2/2015 لە کۆشکی ئەلیزێ، لەلایەن بەڕێز فڕانسوا هۆلاند سەرۆککۆماری فەڕەنساوە پێشوازیی لێ کرا.
- چەندینجار لەگەڵ جێگرانی سەرۆکی ئەمەریکا کۆبۆتەوە. لەگەڵ ئالگۆر جێگری بیل کلینتۆن، دیک چێنی جێگری جۆرج بوش و جۆ بایدن جێگری باراک ئۆباما.
- سێجار لە ڤاتیکان پێشوازی لێ کراوە. لە 2005/11/14 و 28/2/2009 لەلایەن قەداسەتی پاپا بەنەدیکتی شازدەهەم، پاپای ڤاتیکان و لە 30/5/2014 لەلایەن قەداسەتی پاپا فرانسیسی یەکەم پێشوازی لێ کراوە و دیدار و گفتوگۆی درێژخایەن لە نێوانیاندا هەبووە بە تایبەت ژیان و گوزەرانی مەسیحییەکانی کە بە هۆی داعشەوە کوردستان پەنای دابوون. لە سەر ئاستی دیپلۆماسیش چەندین شاندی باڵا بە نوێنەرایەتی پاپای ڤاتیکان سەردانی سەرۆک بارزانیان کردووە.
- سێجار لە هەولێر پێشوازیی لە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە. لە 24/7/2014 لە هەولێر پێشوازیی لە بەڕێز بان کی مۆن سکرتێری گشتی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. لە 26/3/2016 لە هەولێر پێشوازیی لە بەڕێز بان کی مۆن، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. لە 30/3/2017 لە هەولێر پێشوازی لە ئەنتۆنیۆ گۆتێرز سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.
لە 31/10/2005 لەلایەن تونی بلێر سەرۆکوەزیرانی بریتانیاوە پێشوازی لێ کرا.
لە 13/11/2005 لەلایەن سێرجیۆ برلسکۆنی سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیاوە پێشوازیی لێ کرا.
- چەندین دیداری لەگەڵ سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیرانی تورکیادا هەبووە. لەوانە پێنج جار لەگەڵ سەرۆک کۆماری تورکیا دیداریان هەبووە. لە شوباتی 1992 لە لایەن تورگوت ئۆزاڵ سەرۆککۆماری تورکیا لە ئەنکارا پێشوازی لێ کرا و یەکەمجار بوو میوانێکی فەرمی بە جلکی کوردییەوە پێشوازی لێ بکرێت. لە 14/7/2014 لە کۆشکی کۆماریی تورکیا، لەلایەن عەبدوڵا گویلی سەرۆککۆمار پێشوازیی لێ کرا. لە

9/12/2015 ڕەجەب تەییب ئەردوگان سەرۆك كۆماری توركیا لە كۆشكی سەرۆكایەتیی پێشوازی لە سەرۆك بارزانی كرد. لە 23/8/2016 لە كۆشكی كۆماریی توركیا، لەلایەن سەرۆككۆماری توركیا، ڕەجەب تەیپ ئەردۆغانەوە پێشوازی لێ كرا. لە 26/2/2017، بە سەردانێكی فەرمی گەیشتە توركیا، كە بۆ یەكەمجار ئاڵای كوردستان لە فڕۆكەخانەی ئیستانبوڵ بۆ پێشوازیی لە سەرۆک بارزانی هەڵكرابوو، و لەو سەردانەدا لەگەڵ ڕەجەب تەیپ ئەردۆغان لە ئیستانبوڵ كۆبوونەوە.

- دەجار دیداری لەگەڵ سەرۆكوەزیرانی توركیا هەبووە. شوباتی 1992 لەلایەن سولەیمان دەمیرڵ سەرۆكوەزیرانی توركیا بۆ یەكەمین جار بە جلی كوردی پێشوازی لێ كرا. لە 6/10/2000 و 8/5/2001 لە كۆشكی سەرۆكوەزیرانی توركیا، لەلایەن بولانت ئەجەوید سەرۆكوەزیرانی توركیاوە پێشوازیی لێ كراوە لە 2011/3/29 لە فڕۆكەخانەی هەولێر پێشوازیی لە رەجەب تەیپ ئەردوغان سەرۆكوەزیرانی توركیا كرد. لە 16/11/2013 سەرۆک بارزانی و ڕەجەب تەیپ ئەردۆغان سەرۆكوەزیرانی توركیا لە ئامەد بەشداریی مەراسیمێكی جەماوەریی فراوانیان كرد ك بە ئامادەبوونی سەدانهەزاركەس لە هاووڵاتیانی ئامەد بەڕێوەچوو و تیایدا ئاڵای كوردستان دەشەكایەوە. لە 14/7/2014 لە كۆشكی سەرۆكوەزیرانی توركیا، لەلایەن ڕەجەب تەیپ ئەردۆغان سەرۆكوەزیرانەوە پێشوازیی لێ كرا. لە 21/11/2014، لە هەولێر پێشوازیی لە دكتور ئەحمەد داوودئۆغلو، سەرۆكوەزیرانی توركیا كردووە. لە 9/12/2015 ئەحمەد داودئۆغلو سەرۆك وەزیرانی توركیا لە كۆشكی سەرۆكایەتیی وەزیرانی توركیا پێشوازی لە سەرۆك بارزانی كرد. لە 2017/1/8 لە هەولێر، پێشوازی لە بینالی یڵدرم سەرۆكوەزیرانی توركیا و شاندێكی یاوەری كرد كە لە ژمارەیەك لە وەزیران و بەرپرسانی باڵای كۆماری توركیا پێكهاتبوو. لە 27/2/2017 لە شاری ئەنكارا، لە لایەن بیناڵی یڵدرم سەرۆكوەزیرانی توركیا، بە دانانی ئاڵای كوردستانەوە، پێشوازی لە سەرۆک بارزانی كرا.

- سەرۆک بارزانی چەندین دیداری لەگەڵ ڕابەری كۆماری ئیسلامیی ئێران و سەرۆككۆمار و بەرپرسانی دیكەی كۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەبوو. لەوانە لە مانگی ئایاری 1979 لەگەڵ كاك ئیدریس بارزانی لە شاری قومی ئێران چاوی بە ئایەتوڵڵا خومەینی ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دەكەوێت. لە 2011/10/31 لە تاران، ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەیی رابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، پێشوازیی لە سەرۆک بارزانی كرد. پێنج جار لەلایەن سەرۆككۆماری ئێران هەبووە. ساڵی 1995 هاشمی ڕەفسنجانی سەرۆككۆماری ئێران پێشوازی لە سەرۆک بارزانی كرد. دووجار لە كۆشكی كۆماریی ئێران لەلایەن بەڕێز سەید محەمەد خاتەمی، سەرۆككۆماری ئێرانەوە پێشوازیی لێ كراوە: 10/12/2002 و 25/9/2004. دووجاریش لەلایەن دكتور مەحموود ئەحمەدی نەژاد، سەرۆككۆماری ئێران، پێشوازیی لێ كراوە: لە2008/10/23 و 2011/10/31 . لەگەڵ چەندین دیداری تر لەگەڵ بەرپرسانی دیكەی باڵای كۆماری ئیسلامیی ئێران.

- لە 14/10/2003 لە كۆشكی كۆماریی میسر لەلایەن حوسنی موبارەك، سەرۆككۆمارەوە پێشوازیی لێ كراوە. ڕۆژی 6/7/2010 سەرۆک بارزانی لە كۆشكی كۆماریی لە لایەن حوسنی موبارەك سەرۆككۆماری مسرەوە پێشوازیی لێ كرا. لە 22/5/2015 لە پەراوێزی دانیشتنەكانی كۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی دەریای مردووی ئۆردۆن سەرۆك بارزانی لەگەڵ عەبدولفەتاح سیسی سەرۆكی كۆماری میسر كۆبۆوە.

- لە ساڵانی 1982 هەتا 1996، لە كۆشكی كۆماری سوریا چەندین جار لەلایەن سەرۆككۆمار، حافز ئەسەدەوە پێشوازیی لێ كراوە. هەروەها لە 20/10/2003 و 18/10/2004 لە كۆشكی كۆماریی سوریا لەلایەن بەشار ئەسەد سەرۆككۆمارەوە پێشوازیی لێ كراوە.

- سەرۆک بارزانی سێ جار بانگهێشتی سعوودیە كراوە. جاری یەكەم لە لە ئایاری 1993 لەلایەک شا فەهد بن عەبدولعەزیز شای عەرەبستانی سعودیەوە پێشوازی لێ كرا. لە 13ی 3ی 2007 لە لایەن شا عبدالله شای سعودیە پێشوازی لێ كرا و جاری دووەم لەچوارچێوەی سەردانێكی فەرمی بۆ شانشینی سعوودیە لە 1/12/2015 شا سەلمان عەبدولعەزیز لە كۆشكی پاشایەتی لە شاری ڕیاز پێشوازی لە سەرۆك بارزانی كرد.

- سەرۆك بارزانی پەیوەندییەكی توندی دۆستانەی لەگەڵ بەڕێز جەلالەتی شاعەبدوڵڵا كوڕی حوسەین شای ئۆردۆن هەیە و چەندینجار دیدار و پەیوەندیی تەلەفۆنییان هەبووە. لە 19/3/2007، 5/5/2014، 21/5/2015، 18/5/2017 لە كۆشكی حوسێنییەی عەممانی پایتەختی ئۆردۆن جەلالەتی شا عەبدوڵڵای دووەمی شای ئۆردۆن پێشوازی لە سەرۆک بارزانی كردووە. لە 22/5/2015 لەگەڵ شاعەبدوڵڵا بەشدارییان لە پێشانگای سۆفێكس كرد. لە 21ی 5ی 2015 لە یەكەم ڕۆژی كۆڕبەندی ئابووریی جیهانی، كۆبوونەوەیەك لەنێوان سەرۆك بارزانی و جەلالەتی شا عەبدوڵڵای پاشای شانشینی ئۆردۆن بەڕێوەچوو. لە 12/2/2016 لە پەراوێزی كۆنفرانسی ئاسایشی میونشن 2016 سەرۆك بارزانی و شا عەبدوڵڵا كۆبوونەوە.

- لە 13/10/2000 لەلایەن بەڕێز هانز فیشەر سەرۆكی پەرلەمانی نەمسا پێشوازیی لێ كراوە.

- لە ڕێكەوتی 3/10/2001 لە پیرمام (هەولێر) پێشوازیی لە بەڕێز خاتو دانیاڵ میتێران، خاتونی یەكەمی فەڕەنسا، كرد كە بە "دایكی كوردان" ناسرا بوو.

- لە ڕۆژانی 14- 16/12/2002 بەشداریی كۆنگرەی لەندەنی بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دژ بە ڕژێمی سەدام حسێن كردووە.

- لە ڕێكەوتی 28/4/2003 بە مەبەستی چەسپاندنی فیدڕاڵیزم بۆ كورد، بە سەرپەرشتی شاندێك بەشداری كۆنگرەی بەغدای كردووە.

- لە ڕێكەوتی 13/7/2003 بە ئەندامی ئەنجومەنی دەسەڵاتدارێتی نیشتیمانیی عێراقی دەستنیشان كراوە.

- لە ساڵانی 1984 هەتا 2008 چەندینجار لەگەڵ مەعمەر قەزافی سەرۆكی لیبیا كۆبووەتەوە.

- لەگەڵ میری دەوڵەتی کوێت و میری دەوڵەتی قەتەر دیداری هەبووە کە لە 3/2/2009 میری دەوڵەتی کوێت بەڕێز شێخ سەباح ئەحمەد ئەلجابر ئەلسەباح لە کۆشکی بەیان پێشوازی لە سەرۆک بارزانی کردووە و دیدار و گفتوگۆیان هەبووە و لە 8/2/2009 لە تەلاری دیوانی ئەمیری لە لایەن بەڕێز شێخ حەمەد بن خەلیفە ئال سانی میری دەوڵەتی قەتەرەوە پێشوازی لێ کراوە.
- لە ڕۆژانی 26و27/3/2004 لە ژێرچاودێری سەرۆک بارزانی، کۆنگرەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی عێراقی لە شاری هەولێر دەستی پێ کرد.
- لە ڕێکەوتی 18/3/2004 لە ژێر چاودێری سەرۆک بارزانی، کۆنگرەی دیالۆگی کوردی ـ عەرەبی لە شاری هەولێر دەستی پێ کرد.
- لە ڕێکەوتی 1/4/2004 بە سەرۆکی ئەنجومەنی دەسەڵاتدارێتی عێراق لەلایەن ئەنجومەنەوە، هەڵبژێردراوە.
- لە ڕێکەوتی 1/12/2004 لە شارەدێی پیرمام لەگەڵ بەڕێز جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان واژویان لەسەر "ڕێکەوتننامەی ستراتیجی" بۆ پرسە نیشتمانییەکان کردووە.
- لە ڕێکەوتی 12/6/2005 بە بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراوە.
- لە ڕێکەوتی 25/10/2005 لە کۆشکی کۆماریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە لایەن بەڕێز جۆرج بۆشی سەرۆککۆماری ئەمریکاوە پێشوازیی لێ کراوە. لەم دیدارەدا سەرۆک بارزانی وەک یەکەمجار لە مێژووی دیپلۆماسیی کوردیدا بە جلی کوردیەوە لە کۆشکی سپی ئامادەی دیدارەکە بوو.
- لە ڕێکەوتی 14/11/2005 لە کۆشکی ڤاتیکان لەلایەن بەڕێز پاپا بندیکتی شازدەیەم، پێشەوای کاتۆلیکیی جیهانی، پێشوازیی لێ کراوە.
- لە ڕێکەوتی 15/11/2005 لە کۆشکی سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیا، لەلایەن بەڕێز سلیڤیۆ بێرلێسکۆنی سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیا و دواتر لە تەلاری ئەنجومەنی نیشتمانیی ئیتالیا لەلایەن بەڕێز پیەر فێردیناندۆی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی ئیتاڵیاوە پێشوازیی لێ کراوە.
- ڕۆژی 11/3/2008 کۆنگرەی یەکێتی پەرلەمانی عەرەبی لەهەولێر دەستی بەکارەکانی کرد و ڕۆژی 15/3/2008 سەرۆک بارزانی لە دانیشتنی کۆتایی کۆنگرەکەدا وتارێکی پێشکەش کرد.
- ڕۆژی دوو شەممە 13/4/2009 لە هەولێر، سەرۆک بارزانی پێشوازی لە مەحمود عەباس سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستین کرد. هەروەها لە 22/5/2015 لە پەراوێزی دیدارەکانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی دەریای مردوو لە وڵاتی ئۆردۆن، سەرۆک بارزانی، لەگەڵ مەحموود عەباس سەرۆکی فەلەستین کۆبۆوە.
- لە ڕێکەوتی 25/7/2009 لە هەڵبژاردنی گشتی و ڕاستەوخۆدا، بە 70% ی دەنگی گەل، بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراوەتەوە.
- ساڵی 2010 بۆ جاری پێنجەم لە کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بە تێکڕای دەنگی نوێنەرانی کۆنگرە، بە سەرۆکی پارتیی هەڵبژێردراوە و شایانی باسە لەم کۆنگرەیەدا لەبەردەم تێکڕای میوانە بیانی و ناوخۆییەکانیدا، بە ئاشکرا باس لە مافی بڕیاری چارەنووس بۆ کورد، کرا.
- ڕۆژی 1/10/2010 بەشداریی لە کۆنگرەی هاوپەیمانە دیموکراتەکان لە ڕۆما کرد و وتارێکی پێشکەش کرد.
- 22/2/2011 لە مەراسیمێکی تایبەتدا لە "ڕۆما"ی پایتەختی وڵاتی ئیتاڵیا، مەدالیای Atlantic Award بە سەرۆک بارزانی بەخشرا.
- ڕۆژی چوارشەممە 20/2/2013 سەرۆك پۆتین سەرۆكی روسیای ئیتحادی پێشوازی لە سەرۆك بارزانی كرد.
- ڕۆژی 20/06/2013 لە پەراوێزی کاروبارەکانی کۆڕبەندی نێودەوڵەتی ئابووری سان پیترسبۆرگ لە وڵاتی ڕووسیا، سەرۆک بارزانی و سێرگێ لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا کۆبوونەوە.
- ڕۆژی دووشەممە 22/7/2013 لە نووسینگەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و بە ئامادەبوونی 39 لایەنی سیاسیی هەر چوار پارچەی كوردستان، لەسەر داوا و بە سەرپەرشتیی سەرۆك مەسعود بارزانی، كۆبوونەوەیەك بۆ باسكردنی هەنگاوەكانی بەستنی كۆنگرەی نەتەوەیی كورد و دانانی لیژنەی ئامادەكاری ئەنجام درا.
- لە ساڵی 2013 پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران و ڕەزامەندی زۆربەی فراکسیۆنەکان، ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی بۆ دوو ساڵ درێژ کردەوە. هەرچەندە بەڕێز مەسعود بارزانی لەم درێژکردنەوەیە ڕازی نەبوو بەڵام لەبەر ئاشتەوایی نیشتمانی ئەرکەکەی لە ئەستۆ گرتەوە.
- ساڵی 2014 لە شەڕی دژ بە داعشدا، فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە و تا تێکشکاندنی ئەم هێزە لە ئەرکەکەی بەردەوام بووە. سەرۆک بارزانی لە میانەی ساڵانی شەڕی داعش بە شێوەیەکی بەردەوام سەردانی هەر هەشت میحوەری بەرەکانی جەنگی دەکرد.
- سەرۆک بارزانی لە ماوەی شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستاندا، وەک فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، جگە لە ئەرکی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و دابەشکردنی میحوەرەکان، سەرکردایەتیی شەڕی دژی تیرۆریستانی دەکرد و ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی و فەرماندەیی هەڵمەتەکانی پێشمەرگەی بۆ ئازادکردنی ڕەبیعە، زوممار، چیای زەرتک، بەنداوی مووسڵ، چیای شنگال و حەوزی عەوێنات و شاری شنگالی کرد. پلانی ئازادکردنی زوممار و حەوزی عەوێنات و چیای شنگال و شاری شنگال، کە سەرۆک بارزانی دارێژەریان بوو ڕاستەخۆش و فەرماندەیی کردن. لەڕووی کات و چۆنییەتیی جێبەجێکردنی ئەو پلانانەوە، داستانی بێ وێنە بوون.
- لە ڕێکەوتی 20/8/2014 پێشوازی لە بەڕێز ماتییۆ ڕێنز، سەرۆکوەزیرانی ئیتالیا کردووە.

- لە ماوەی شەڕی داعشدا، هەولێر ترافیکێکی قورسی دیپلۆماسی بەخۆیەوە دیت و بەرپرسانی باڵای ئەمەریکا و دەوڵەتانی ئەورووپا، بەتایبەتی وەزیرانی بەرگری و دەرەوەی زۆربەی وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانێتی دژی داعش و باڵیۆزی ئەو دەوڵەتانە لەعێراق، سەردانی کوردستانیان دەکرد و لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆ دەبوونەوە. لەوانە: ئەمەریکا، بریتانیا، فەرەنسا، کەنەدا، ئیتاڵیا، بەلژیکا، نەمسا، چیک، هەنگاریا، سوید، نەرویج، ژاپۆن، و...
- ساڵی 2015 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دۆسیەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی خستە بەردەستی ئەنجومەنی شورای کوردستان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی چارەسەری بکات، ئەوانیش پاش لێکۆڵینەوە لە بارودۆخەکە، بەهۆی نالەباربوونی بارودۆخی وڵات و نزیکبوونی هێزەکانی داعش لە شارە گەورەکانی کوردستان، بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمیان بۆ دوو ساڵی تر، دا، بەڕێزیشیان لەبەر هەستیاری دۆخەکە و پشتگەرمیی پێشمەرگە لە ئەرکەکەی بەردەوام بوو.
- لە ڕێکەوتی 11/1/2015 پێشوازیی لە بەڕێز پیتەر ماورێر سەرۆکی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور کرد.
- لە ڕێکەوتی 13/2/2015 لە کۆشکی کۆماری، لەلایەن بەڕێز هانز فیشەر سەرۆککۆماری نەمساوە پێشوازیی لێ کرا.
- لە ڕێکەوتی 11/5/2015 لەلایەن هەریەك لە بەڕێز ڤیکتۆر ئۆبان، سەرۆکوەزیرانی هەنگاریا و بەڕێز جانۆس ئادێری سەرۆککۆماری هەنگاریا پێشوازیی لێ کراوە.
- لە ڕێکەوتی 12/5/2015 لە کۆشکی کۆماریی چێك لەلایەن بەڕێز میلۆس زێمان، سەرۆککۆماری چیکەوە پێشوازیی لێ کراوە.
- ڕۆژی 22/5/2015 بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی دەریای مردوو لە وڵاتی ئۆردۆن کرد.
- لە ڕێکەوتی 23/12/2015، پێشوازیی لە بەڕێز پێترۆ گراسۆ، سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانی ئیتالیا کردووە.
- لە ڕێکەوتی 25/10/2016 لە پیرمام پێشوازی لە بەڕێز ستێڤان لۆفین سەرۆکوەزیرانی سوێد کردووە.
- ڕۆژی 11/7/2017 سەرۆک بارزانی لە چوارچێوەی سەردانەکەی لە پارلەمانی ئەورووپا لە بروکسل، وتارێکی پێشکەش کرد.
- ڕۆژی 11/7/2017 ، سەرۆك بارزانی، خێرت بۆرژوا سەرۆکوەزیرانی هەرێمی فلاندەرزی بەلژیکا، پێشوازی لە سەرۆک بارزانی کرد.
- چەندین جار بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی کردووە و لە چوارچێوەی کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس، لەگەڵ زۆرێك لە سەرکردە سیاسییەکانی جیهاندا کۆبووەتەوە. لەوانە: شا عەبدوڵڵا پادشای شانشینی ئۆردۆن، خاتوو ئەنگێلا مێرکل ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، ئیلهام عەلییێڤ سەرۆککۆماری ئازەربایجان، جۆ بایدن جێگری سەرۆکی ئەمەریکا، مارك ڕووتە سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا، خاتوو کۆلیندا گرابار کیتارۆڤیچ سەرۆکی کرواتیا، گیئۆرگی ئیڤانۆڤ سەرۆکی مەکدۆنیا، خاتوو فیدریکا موگیرینی بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا، تەممام سەلام سەرۆکوەزیرانی لوبنان، حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق، کۆبوونەوەی ئەنجام داوە. ئەوە جگە لە دیدارەکانی لەگەڵ وەزیرانی دەرەوە و بەرگریی دەوڵەتانی بەشداری ئەو کۆڕبەندە و سەرۆک و سکرتێری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بەرپرسانی دیکەی بەشداربووی کۆڕبەندەکە.
- بەڕێز مەسعود بارزانی، بە سوربوون و پێداگرییەکی ڕابەرانەوە لەسەر بڕیاردانی گەلی کورد لە مافی چارەنووسی خۆی، لە ڕێکەوتی 25/9/2017، ڕێفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان ساز دا، لە ئەنجامدا 93% دەنگدەرانی کوردستان، بە "بەڵێ" دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا.
- لە ئەنجامی خیانەتی تاقمێك و ڕادەستکردنی کەرکوك ـ گەرمەسێر، لە ڕێکەوتی 16/10/2017دا. بۆ ڕێگریکردن لە بەدیهاتنی خەونی نەیاران، لە ڕێکەوتی 20 ئۆکتۆبەری 2017، وەك فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرەکانی پردێ ـ مەخمور ـ تەلسقوف ـ سحێلا، لە بەرامبەر میلیشیای حەشدی شەعبی، سوپای عێراق، وەستایەوە پێشڕەوی ئەو هێزە پڕچەکەی وەستێنرا و بەغدای ناچار بە ملدان بۆ دانوستان کرد.
- لە ڕێکەوتی 29/10/2017، پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری درێژکردنی ماوەی دەسەڵاتداریێتی هەردوو دەسەڵاتی ڕاپەراندن و یاسادانانی دا، بەڵام سەرۆک بارزانی بەوە ڕازی نەبوو و دەسەڵاتی خۆی خستە بەردەم پەرلەمان تا بەسەر هەردوو دەسەڵاتی ڕاپەراندن و یاسادانان دابەش بکرێت و ڕایگەیاند کە خۆی بە پێشمەرگە دەزانێ و وەک پێشمەرگە لە خەبات بەردەوام دەبێت.
- سەرۆک مسعود بارزانی ساڵی (1965) هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی هەشت منداڵە.
- سەرۆک بارزانی شارەزای زمانەکانی کوردی بە هەردوو زاراوەی کرمانجی سەروو و ناوەڕاست، عەرەبی، فارسی و ئینگلیزییە.
- حەز بە خوێندنەوەی پەرتووکی مێژوویی، ڕامیاری و سەربازی دەکات. یەکێکە لە ئارەزوومەندانی هۆنراوە عیرفانییەکانی هۆزانڤانی کورد مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و وەفایی.
- سەرۆک بارزانی وەرزش دەکات و حەزی لە وەرزشەکانی تۆپی پێ و مەلەکردن و پیادەڕۆیشتنە.
- باوەڕی بە چەسپاندنی مافەکانی ئافرەت وەك ئەندامێکی کارای کۆمەڵگا، پێکەوە ژیانی نەتەوە، ئاین، ئاینزا و ڕێبازەکان لە کوردستاندا هەیە و بە بناغەی نیشتمانی هاووڵاتیبوونیان دەزانێ.
- سەرۆک بارزانی زۆر گرنگی بە پرسی ژینگەپارێزی دەدات و لە سەر ڕێبازی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی، پاراستنی سروشت و ژینگە بە بنەمای ئەرکی ئایینی و نیشتیمانی دەزانێت. ئەم بنەمایە ئیمرۆ لە دەڤەری بارزان بە چڕێ جێگیرکراوە و بۆیەشە سروشتی ئەم دەڤەرە بووە بە

نموونەیەک لە ژینگەی سروشتیی نایاب لە رۆژهەلاتی ناوەراست. کار بۆ فراوان کردنی ئەم نموونەیە لە هەموو کوردستان دەکرێت.

**سەرچاوە: ماڵپەری فەرمی مسعود بارزانی**

**دروشم و هێما و ئاڵای پارتی دیموکراتی کوردستان**

- ئازادی . دیموکراسی . دادپەروەری
- **ئاڵای پارتی دیموکراتی کوردستان**



**نەخشەساز: حسێن حیدر**

ئاڵای پارتی بەشێوەیەکی سەرەکی پێکدێت لە هەریەك لە پیتەکانی (Pdk) کە ئاماژەن بۆ پیتەکانی سەرەتای ناوی پارتی بە رێنووسی لاتینی (PARTIYA DEMOKRATA KURDISTANE) بە رەنگەکانی زەرد و سوور کە لەسەر شێوەی بازنەیەك کێشراون.

**جیاوکە گرنگەکانی ئاڵاکە :**

1. رەنگی زەرد: هێمای تیشکی خۆر، سەرچاوەی ژیان، گەرمی و وزە، هەر ئەمیش رەنگی پارتییە هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە.
2. رەنگی سوور: هێمای خوێنی شەهیدانی کوردستانە.
3. پیتەکانی (Pdk)،مەبەست لە نەخشەکردنی پیتی (d) بە بچووککراوەیی بۆ هێنانەکایەی جوانکارییەکی بینراو لە نێوان پیتەکانی (P) و (K) و بە شێوەیەکی تایبەتییش بۆ بەیەکەوەلکاندنی هەردووپیتەکانی (P) و (d) بەشێوەیەك وادەربکەوێت کە هەردووکیان یەکن و وەك یەکن یان وەکو دەرکەوتەی ئاوێنەیی یەکترن. هەروەها بۆ دروستکردنی پەیوەندییەك لە نێوان وشەکانی (DEMOKRATA) و (KURDISTANE) کە وایان لێ بکات لە شێوە و ناواخندا لێك جیانەکرێنەوە، هەروەها هەردوو پیتەکانی Kوd وەها دروست کراون کە ستوونیانە هاوبەش بن.
4. قەڵغان: هێمای جەربەزەیی و چیا سەرکەشەکانی کوردستانە. قەڵغان بە درێژایی مێژووی پرجۆشی کوردان، پارێزەری نەتەوەی کورد بووە لە لەناوچوون.

- هێمای پارتی دیموکراتی کوردستان

**نەخشەساز / جەمال بەختیار**

هێمای پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوو بازنە پێکدێت، بازنەی دەرەوە و بازنەی ناوەوە کە خۆرێکی درەوشاوە لەخۆدەگرێت، لەگەڵ چل و شەش تیشك کەهێمایە بۆ ساڵی 1946، کە تیایدا پارتی دامەزرا. لە ناوەڕاستی خۆرەکە هەڵۆیەکی تیادایە کە سەربەرزانە وەستاوە. لە سەرەوەی درەشمەکە و لەنێوانی چێوەی هەردوو بازنەکە، ناوی پارتی نوسراوە. لە خوارەوەی هەڵۆکە، پیتەکانی سەرەتای (Kurdistan Democratic Party-KDP) نوسراوە. خوارووی چێوەی بازنەی ناوەوەی دروشمەکە بە دوو گوڵەگەنمی یەکتربڕ تەواوکراوە. لە ژێر خۆرەکە و بۆشایی نێوان چێوەی هەردوو بازنەکە نوسراوە (PARTIYA DEMOKRATA KURDISTANE) بە ڕەنووسی لاتینی نوسراوە. هەموو دروشمەکەیش لە سەر ڕەهەندێکی سپی کێشراوە کە هێمای پاکیزەیی و ئاشتی و ئازادی و هەماهەنگییە.

**ڕەنگ و ماناکان:**

1. بازنەی دەرەوە (سوور): هێمای خوێنی شەهیدانی کوردستان و خەباتی بەردەوامە لەپێناو وەدەستهێنانی ئازادی و سەرفرازیی کوردستان.
2. بازنەی ناوەوە (سەوز): گوزارشت لە جوانی و لادێکانی کوردستان دەکات.
3. خۆر (زەرد): نیشانەی سەرچاوەی ژیان و ڕووناکییە.
4. هەڵۆ: هێمای ئازادی، جوامێری، شانازی، دانبەخۆداگرتن و بەرگەگرتنە.
5. گوڵەگەنمەکان: هێمایە بۆ کشتوکاڵی کوردستان، سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی خاکەکەی.

بەشێوەیەکی گشتی، ڕەنگەکانی دروشمەکە، گوزارەن لە ڕەنگەکانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان.

- **پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی پارتی**

# پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان

## کۆنگرەی ١٤

٣ - ٦/١١/٢٠٢٢

دهۆك

پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی پارتی (PDF)